# پێڕگەرایی رەخنەگر: ئەفراندنی گەندەڵی (*)

هەندرێن



هەندرێک جار خوێندنەوەی کتێبێک یان دەقێک سوودمەندتر و چێژدارترە لە نووسین لە بارەیەوە. هاوکاتیش دەکرێ زۆر جاران پەیوەندی لە نێوان رەخنەگر و کتێبدا بە پێچەوانەوە بێت: دەکرێ خوێندنەوەی کتێبێک بە قەد رەخنەگرتن لێی دژوار بێت. دەکرێ رەخنەگر، کە مەبەستمان خوێنەری هۆشیاریشە، توانای تێگەیشتنی لە کتێبێکدا زیاتر بێت، لێ هاوکاتیش دەکرێ راڤەکردنی رەخنەگر مەبەستی خودی نووسەری کتێبەکەش هەڵەتە بکا. لێرەوە گەمەکردن بە پەیڤ و چەمکەکان لە لایەن رەخنەگرەوە کارێکی مەتریسدارە ، وەلێ هاوکاتیش دەکرێ ئەو یاریکردنە مایەی سەرنجکێشانیش بێت. چونکە خودی پرۆسەی نووسین چەشنە دۆستاییەکە لەگەڵ وشە و ئاوڵاکردنەوەی رەهەندە نادیارەکانییەتی. لێ ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو یارییکردنە بێ دەستپێوەگرتنەی رەخنەگر لەگەڵ چەمکەکان و پەسندانە جەڵەبییەکەی ببێتە سەرگێژکردنی خوێنەر. رەنگە رەخنەگر لەو یاریانەدا نەتوانێ ئەو مەبەستە بەرجەستە بکاتەوە کە نووسەر گەرەکیەتی.

لەو روانگەیەوە نووسینی رەخنەیەک یان کتێبێکی چاک لەسەر بابەتێک یان دەقێک، دەبێ هەڵگری قوورسایی؛ واتایەکی زیندوو بێت. خوێنەری وریا، خودان چێژ ، بە جۆشەوە ئەو جۆرە رەخنە و کتێبەش دەخوێنێتەوە. مەستمان لە کتێبێکی چاکدا: لە یەکاتییەکدا هەڵگری بابەتێکی دڵفڕێن؛ رێنیشاندانی خوێنەرە بەرەو گەردوونێکی وێناکراوی هونەریی پێشهاتێکی ژیان و رەهەندە پەنهانەکانی مرۆڤ. هەروەک کتێبێکی خراپیش، بریتییە لە زمان، شێواز، بابەتێکی بێتام، زارقەڵبەڵغی، پێوەنانێکی بێبنەما لە وێناکردنی بابەتێکدا. بە کورتی کتێبێک کە هیچ رەسەنایەتییەکی تێدا نەبێ و بە زمانێکی لەرزۆک نووسرا بێت. هەڵبەتە ئێمە لە نووسینی کوردییدا رۆژانە ئەو تەرزە بۆچوونە دوژێن، جنێو ئامێزانە نەک هەر لە بارەی دەقی نووسەر و شاعیرە لاو و "نەناسراو"ەکاندا دەخوێنینەوە، بەڵکوو لەمەڕ دەقەکانی نووسەر و شاعیرە "ناسراو"ەکانیش دەبیستین و دەخوێنینەوە.

لێرەوە ئەرکی "رەخنەگر"ی کوردی، (کە هەمووومان بە گومانین لە ناسنامەکەی، لێ وەک گریمانەیەک وێنای دەکەین)، ئەوەیە نە هێندە لە روانگەیەکی هەمەگیریی، گۆترەییەوە بەرهەمی ئەو نووسەرانە داپلۆسێ، کە بە مجگێز یان هاوپێڕی خۆی نییە، نەک لە ئاستی داهێنانەوە، کە کەیفی پێنایەت، نە ئەوەندەش، بە هۆی دەروێشایەتی، هاوشاریی و هاوپێڕییەوە، بە پێوەنانێکی مەیلکوژەوە بەرهەمەکانی بە "تاکە داهێنان"ی کوردی، بنرخێنێ. دیارە ئەو دوو شێوە لێکدژە، کرۆکی ئەو بەناو رەخنەسازییە کوردییە پێکدەهێنن. هەر بۆیە مرۆ بە دەگمەن رەخنەیەک لەسەر کتێبێک، شیعرێک،

رۆمانێک، بەرهەمێکی هونەریی دەخوێنێتەوە کە ناچاری بکا بە تاسەوە بیخوێنێتەوە. وەلێ هاوکاتیش ئێمە خوێنەر و نووسەرگەلێکمان هەیە کە شاگردێکی شەیدای ئەو دوو شێوە رەخنەیە دوژێن و پەسەندەرەن.
ئەمەش چونکە هێشتا دەستاوێژ و کەڵکەڵەی ئەو رەخنەیە، لە سەلیقە و یەکلابینی و داخراوی روحی خێڵ و حیزبیدا خۆراک وەردەگرێ. بۆیە خوێنەر لەمدیو زۆرینەی ئەو رەخنەیەدا، مەیلی لایەنگیریی و خود زاڵیی یان گشتگیریی، سڕینەوە و دەڤەراندنی نووسەر دەناسێتەوە. لەوەش زیاتر، ئەو رەخنەگرانە، وەک چەشنە هاڤرکێیەک لەگەڵ یەکتردا، تەنیا سەرقاڵن بە گەرمکردنی ئەو شەڕە رەخنە لێکدژە، پیاهەڵدان و لێکترازاندنی پەیوەندییە رۆشنبیریی و ئەو نووسەرانەی، کە وەک دوو پێڕ، هەریەکە و لە دەڤەرێکدا باڵادەستی بە هەرمێنن. لێ بە دەگمەن ئەو رەخنەگرە توانیوویەتی دەنگێکی نادیاری نوێ، نووسەرێکی "نەناسراو" ئاشکرا بکا، یان لەسەر دەقێک بنووسێ کە جیاوازە لەو شێوازە باو و دەقگرتووەی ئەمڕۆ. ئەو قەتیسمانەی رەخنەگری کورد لەو سنوورە باوەدا هۆکردگەلێکی هەیە: بۆ نموونە، وێڕای ئەو فرچککرنە رەگئاژۆیەی رەخنەگر بە نەریتی خێڵ و ئاکار مێگەلی حیزبایەتییەوە، کە بریتییە لە ئاوێزان بوون بە نەگۆڕیی و پیرۆزاندنی چەند نووسەرێک، چرکردنەوەی دەڤەرچییەتییەکی سیخناخ بە بوغزە. هاوکاتیش ئەو رەخنەگرە، بە هۆی پاشکۆیی بە رۆشنبیرییەکی دەڤەریی و زمانی سێیەمەوە، هەڵگری رۆشنبیرێکی بزۆک نییە. لەبۆیە سەرچاوەکانی دیاریکراوە و خولیای گەڕانیشی بە دوای کۆزانینی، ماریفەی نوێ و گەشەدان بە زانیارییەکانی کەم خەیانە. بە دیوێکی دیکەوە، رەخنەگری کوردی، وەک بواری سیاسییمان، بە ئاگاییەکی رەخنەییەوە ئیش لەسەر ئەزموونەکانی رابردووییەوە ناکا، بەڵکوو هەمان ناوکۆیی، نەریتە نەخۆشەکانی ئەو ئەزموونە نەریتگر و باوانەی رابردووە بەرهەمدەهێنێتەوە. بە دیوێکی دیکەشەوە، لە بری ئەوەی دیوە باشەکانی ئەو ئەزموونە رەخنەسازییەی رابردوو بە روانگە نوێیەکانەوە بفراژێنێ، شەن و کەوی بکا، کەچی تەواو فەرامۆشی دەکا، یان بە جۆرێک ئەو پشتینە رەخنەییە دەسڕێتەوە، وەک ئەوەی ژیانی ئەدەبی کوردی هەر ئێستا دەستپێکرد بێت. هەر بۆیە زۆرێک لە نووسەرانی ئەمڕۆ دەخوازن رازیمان بکەن، کە ئەدیبانی دوای راپەڕینی بەهاری 1991وە "شاکار"یان بەرهەمهێناوە، نووسینەکانی رابردوو هیچیان "شاکار" نین. دیارە بۆ نەگبەتیمان کە کورد لە فەرمۆشکردنی یادەوەریی زۆر زرینگە، بۆیە ئەمڕۆ بە دەگمەن نووسەرێک خوێندنەوەیەک یان ئاوڕێک لە بوارە جوودایەکانی رۆشنبیریی رابردوو دەنووسێ. بەمجۆرە ئێمە، لە جیاتی ئەوەی وەک کۆچەرێک لە هۆبە بە هۆبەی یادەوەریی زمانەکەمانەوە بەرەو ئێرە و داهاتوو گەشت بکەین، کەچی خەریکی تالانکردنی ئەو یادەوەرییەین.

لە ئاکامی ئەوەدا، ئەو ژیانە رۆشنبیرییەی کە ئەو رەخنەگرە تییدا دەژی، بە مشەخۆریی، کاڵاگەریی و گەندەڵی گەمارۆدراوە. لەو دۆخەدا رەخنەگر مەیلی گەڕان بە دوای دەنگە نوێی و دۆزینەوەی رەهەندە جیاوازەکانی ژیانی لە دەستداوە، خەیاڵ و ئەندێشەی بە جۆرێک گۆج بووە کە نەتوانێ بیر

له دەرچوون لەو دۆخە چەقگرتووە بکاتەوە. لەو روانگەیەوە، دوور لە هەر مەبەستی تایبەتییەوە، ریگمان بدەن بیژین، کە ئەمرۆ رەخنەگری کوردی، وەک سیاسەتوانی کورد، تەنیا لە ئاستی دروشمدا زارگەرمە بە کۆمەلێک چەمکی وەک: "ئازادی"، "رەخنەگرتن"، "دیمۆکراسی"، "مەدەنی"، "خوێندنەوە"، "راڤەکردن" و ئاماژە کردن بۆ تیۆرییەکان و ...هتد، کەچی لە ئاستی کردەییدا دوورە لە بەهای رەخنەگرتندا. ئەو رەخنەگرە، لە لایەک، بە هۆی بالادەستی  ئەو چەمکانەوە، نائاگایانە وابەستەی چەمکگەلێک و دروشمی رەخنەگرتنە، کەچی وەک ژیان ناتوانێ  لە هەمبەر دەق و نووسەردا ئەو پرینسیپ و مەرجانەی کە لە پشتەوەی ئەو چەمکانەوەیە پیادە بکا. بەمجۆرە باسی "رەخنەی ئاوەزگەریی" دەکا، کەچی لە رەخنەکەیدا سەبارەت بە دەقێک هەست و سۆز، لایەنگریی یان دژایەتی جڵەوی زمانی رادەکێشێ.

کەواتە، بەشێک لە قەتیسمان، پاشاگەردانی لە زمان و نووسین و بێ کایەی رۆشنبیریی کوردییدا، لەو دوو شێوە رەخنەگرتنەوە سەرهەڵدەگرن. چونکە ئەو رەخنەیە ، لە جیاتی رەخنەگرتن دابڕان لەو دۆخە چەقگیرە و دۆزینەوەی ئاسۆیە نوێیەکان، خەریکی قووڵکردنەوەی دیاردەی پێرگەرایی و بێ بەهاکردنی زمانی بیرکردنەوەیە. لە کاتێکدا ئەرکی رەخنە پێوانەیەکە بۆ هاوێرکردنی جوانی لە کرێتی؛  گۆشکردنە بە هزراندن و خەملاندنی بەهای بیرکردنەوە و هاوئاهەنگی دەق و زمان؛ هاندانە بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نادیارییەکانی ژیان و بەرهەمداری زمان.

لێرەوە مرۆ برێک جار لە بەرانبەر  ئەو دوو ئاراستە دژە، پەسەندەرە چێژکوژ و بوغزاوییەی رەخنەی کوردییدا، شێواز و هەوڵی نووسەرانی سەدەی رابردووی، وەک عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح، شرۆڤەکانی ماڵباتی فاتیح عەبدولکردیم مودەریس لە شاعیرانی وەک نالی و مەحوی، خوێندنەوە دانسقەکانی مەسعوود محەمەد لە بارەی نالی و حاجی قادری کۆیی و نووسەرە هاووێنەکانی ئەوانەی بە یاد دێتەوە. ئەو نووسەرانە لە هەوڵە رەخنەییەکانیاندا بە جۆشێکەوە دەق و بابەتگەلێکی مێژوویی و ئەدەبییەکان هەڵدەسەنگاند کە چێژیان بە خوێنەر دەبەخشی و ئاستی زانیارییشی لەمەڕ ئەو بابەتانەوە بەرز دەکردەوە. بە کورتی ئەو نووسەرانە بە رەخنە و لێکۆڵینەوەکانیانەوە خوێنەریان  بە پێرگەریی، دەروێشگەریی، شارگەریی و ... هتد فرچک نەدەدا. وەلێ ناکرێ شێوازی رەخنە و لێکۆڵینەوەکانی ئەوان، لەگەڵ خواست و پێداویستییەکانی ئێستای رەخنەسازییدا بەراورد بکەین. چونکە لەو قۆناغەدا ئەرکی ئەو نووسەرانە، وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەو رۆژگارەی ئەدەبی و خوێنەر بووە. هاوکاتیش، وێڕای رەچاوکردنی رۆژگار و بێلایەنییەوە، لە ئاستی جوانناسییدا زۆرێک لەو رەخنە و لێکۆڵینەوانەی ئەوان بۆ ئەوکات و ئێستاش جوانناسیی خۆیان هەیە. بۆیە ئەرکی رەخنەگری ئەمرۆ ئەوەیە، کە ئەو ئەزموونە رەخنەیی و رۆشنبیرییانەی رابردوو تەتەڵە بکا، دیوە هەڵەکانی لەگەڵ دیوە جوانەکانی هاوێر بکا و لەگەڵ تیۆرییە نوێیەکانی ئێستا بیخەملێنێت، تاکوو ئەو ئەزموونانەی رابردوو ببنە وزە و بەهایەک بۆ ئەرکەکانی رەخنەسازی ئەمڕۆو داهاتوومان.

مرۆ دوای ئەزموونی ئەو نەوەی پێشوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ئەو نەوەی ئێستا بە روانگەیەکی سیستەماکیی و دیسپلینێکی تۆکمەتر، تیۆریی و میتۆدی بزاو، چڕ و خەملیوو دەقی ئێستایان بخوێندبایەوە، واتا بە رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی زمان و ئەدەبی کوردییەوە، پشتینە و ناوکۆیی ئەو تیۆر و میتۆدانەی کە لە رۆژئاواوە دەیانگوازێتەوە شرۆڤە بکاو، بیانکوردێنێ. کەواتە ئەوە ئەرکی رەخنەگرە کە بە دەستپێوەگرتنەوە وردبینانە و دوور لە پاشکۆیی یان رقی کەسێتیەوە پەیامی دەق بە خوێنەر رابگەیەنێ. چونکە وەک چۆن رەخنەگر بە پەسندانێکی بێتام، کاریگەریی لەسەر مێشک و چێژی خوێنەر بەجێدەهێڵێ، هاوکاتیش نووسینێکی رقهەڵگر و دوژێنیش هەمان کار ئەنجامدەدا. ئەکامی ئەو دوو شێوە رەخنەیە، بەرهەمهێنانی پەروەردەیەکی گەندەڵانەی نەوەی ئێستا و سازکردنی نووسەری تاکڕۆ و پیرۆزاندنی نووسەرە لە شێوەی دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتدا. کەواتە ئەو رەوتارە جەڵەبیی و بەرتیلخۆرەی رەخنەگری کورد، هەرەوەک زۆرینەی رێکخراوە بەناو "مەدەنی"یەکان، دەرهاوێشتە یان منداڵی ئەو دۆخە گەندەڵێنراوەی ژیانی سیاسییمانە کە حیزبی کوردی سازاندوویەتی. لە ئاکامی ئەمەشدا، ئەمڕۆ لە کوردستاندا نووسین بە هەموو لکەکانیانەوە، وەک ئاکاری باڵا، بەهایە نیشتمانییەکان، ئەڤین، دۆستایەتیی و... هتد، بەرەو هەڵدێرانێکی خەمهێنەر دەچێ و ئەو رەخنەگر و نووسەرە پێرگرەش، وەک بەرپرس و بازرگانە پێرگرەکان، لەبەر مەستبوونی بە زیاتر و زیاتر پارە وەرگرتن و نووسینی رەخنە بە راداندراوەکەی لە لایەن سەرۆک پێرەکانی گۆڤار و رۆژنامەکان و کۆکردنەوەی کۆی شیعرەکانیی و چاپکردنەوەیان و... ئاگای لەو هەڵدێرانی ئەو بەهایە رۆشنبیریی و چڤاکییانە نەماوە.

بەمجۆرە کاتێک خوێنەرێکی وریا ئەو دوو شێوە رەخنە هزرکوژ و بەهاکوژە دەخوێنێتەوە، دەبێ لە خۆی بپرسێ: ئاخۆ ئەو رەخنەگرە بە چاکی لەو دەقە یان کتێبە گەیشتووە کە باسی چی دەکا؟ گەلۆ ئەو رەخنەیە لە دەقەکەیە یان هەستی نەخۆشی رەخنەگرە لە نووسەری دەقەکەیە؟ بۆیە پێویستە خوێنەری وریا شەقێک لەو دوو شێوە رەخنەگرییە هەڵبدا و دوای ئەوەی خۆی ئەو دەقە یان کتێبە بخوێنێتەوە و دواجار بە خۆی هەڵیسەنگێنێ نەک ببێتە کۆیلەی ئەو رەخنەگرە.

کەواتە ئەرکی رەخنەگر ئەوەیە کە بە شێوەیەکی هێور، بە دوای مەبەستی ئەو دەقە یان کتێبەدا شۆڕ بێتەوە. کاتێک رەخنەگر دەقێکی شیعری یان ئەدەبی دەخوێنێتەوە، دەبێ وەک ئەزموونێکی سەربەخۆ، بێلایەنگرییەکی سۆزئامێز هەڵیسەنگێنێ، نەک وەک ئەوەی ئێستا لە بواری رەخنەسازیی کوردییدا بۆتە مۆدە کە رەخنەگر، بێ ئەوەی شارەزاییەکی پێویستی لەو تیۆر و رێبازە رەخنەییانەوە هەبێت، بە هانکە هەنکەوە دەقێکی شیعریی یان ئەدەبیی و هونەری دەخاتە بەر رەحمەتی تیۆرییەکەوە، کە بە لینگاوقووچی لە دەستی سێیەم و چوارەمی وەریگرتووە، یان بە لاساییکردنەوەی رەخنەی نووسەرێگەلێکی عەرەبیی و فارسی یان بە قرتاندنی چەند دێرێکی وەک دێریدا، رۆلان بارت، فرۆید و... لە کتێبێکی فارسی یان عەرەبیەوە بەر دەبێتە گیانی دەقێکەوە، لە قاڵبیدەدا، کە راستییەکەی رەنگە دەقەکەش فرێ بەو تێگەیشتنانەوە نەبێت، هەڵگری خەمێکی دیکە بێت. کێشەی ئەو رەخنەگرەی کورد ئەوەیە، کە لە شێوەی بەڕاداندانی جلوبەرگدا دەقێکی هاوڕێیەکەی لە روانگەی

ئەو فەیلەسووف و رەخنەگرانەوە هەڵدەسەنگێنێ، سەرنج لەوە نادا کە رەنگە تیۆرییەکانی ئەو فەیلەسووفانە، نەک هەر لەگەڵ ناوکۆیی ئەو دەقە کوردیانەوە نەسازێن، بەڵکوو رەنگە لەگەڵ یەکتریشدا جیاواز بن. دواجار خوێنەر کە ئەو تەرزە رەخنە جەڵەبییە دەخوێنێتەوە نەک هەر لەو دەقە نزیک نابێتەوە، بەڵکوو واتلێدەکا کە نووسەر و دەقکەشت لەبەرچاو. من خۆم یەکێکم لەو خوێنەرانەی کە هەمیشە دوعای خێر بۆ ئەو چەشنە رەخنەگر و خوێنەرانەی ئەو دەکەم. بەمجۆرە بە هەڕمێن بوونی ئەو چەشنە رەخنەیە چێژی خوێنەر و کتێبیش دەشێوێنێ. (هەڵبەت هەمیشە ئەو رەخنە ژیاندۆست ومەیلە و هیدلی، جیدیانەمان رەچاوە کردووە، کە ناشکرێ هەمیشە ئەوە جەخت بکەینەوە).

لەو روانگەیەوە دەبێ ئاگاما لەوە بێت کە رەخنەی ئەدەبی لە گشت وڵاتاندا هاوچەشن نین. مرۆ ئەگەر، بۆ نموونە، سەیری رەخنەی سویدی بکا، (کە من بە هۆی جێنیشین بوونم لەو وڵاتەدا، کەم تا زۆر ئاگام لێیە)، بە ئاسانی ئەو جیاوازییە دەبینێت. مرۆ لێرە لە سوێددا، دەتوانێ بە شێوەیەکی گشتی بێژێ، کە رەخنەسازی سوێدی لە روانگەلێکی تیۆرییەوە دەقی ئەدەبی و هونەری دەخوێنێتەوە، کە ئەو نەریتەش لە سوێددا پشتینەیەکی دووری هەیە. بە کورتی لە سوێددا شتێکی ئاشکرایە کە ئەوانەی رەخنەگرن، زۆرینەیان، خاوەن کارنامەی فەلسەفە، زانستی ئەدەب، مێژووی هزر و... هتد لە زانستگایەکاندا. هەر ئەو چەشنە رەخنگەرەشن کە لە بەشی کولتووری رۆژنامە ناسراو و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا ئیشیان رانان و رەخنەگرتن، راڤەکردنی دەقی ئەدەبییە. هەڵبەتە لە بواری هونەریشدا هەر وایە. بەمجۆرە کاتێک ئەو رەخنەگرە لە بەشە کولتوورییەکاندا کتێبک دەناسێنن، لای خوێنەر رەنگدانەوەی خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم، کە رەخنەگری سوێدیش گرفتی خۆی هەیە کە من لێرەدا باسکردنی بە پێویست نازانم. لێ بۆ نموونە زۆر جار ئەوەندەی ناوی رەخنەگر لای خوێنەری سوێدی گرینگە، خودی کتێبەکە هێندە گرینگ نییە. بەمجۆرە رەخنەگر بۆتە دادوەرێکی باڵادەست کە لای خوێنەر ناوی ئەو لە کتێب و نووسەرەکەش زاڵتر بێ. هاوکاتیش ئەگەر رەخنەگرێکی پسپۆڕ و بەرهەمدار لەسەر کتێبێک بنووسی، ئیتر کتێبی ئەو نووسەرە بازاڕی بە هەڕمێن دەبێ. لە هەمان کاتدا دەیان کتێبی باش بڵاودەبێتەوە، لێ لەبەر هۆگەلێک، وەک چاپخانەیەکی نەناسراو، لە ئاستێکی دیاریکراودا دەناسێنرێت.

کەچی لە بواری رەخنەسازیی کوردییدا، دیاردەیەکی عەنتیکەمان هەیە. ئەمڕۆ ئەوەی کە لە بواری رەخنەسازیی کوردییدا مانای نەبێت، ئەوانەن کە لە زانستگایەکانی کوردستاندا ئەدەب و بەشەکانی دیکەی رۆشنبیرییان خوێندووە. بۆیە رەخنەگری کوردی بریتین لەوانە، کە بە هۆی هاوڕێیاتیی، باڵادەست بوونیان لەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن حیزبەوە پشتیوانییەکی ئابووریی و کار ئاسانییەکی زۆریان بۆ دەکرێت، یان ئەو نووسەرانەی کە زارقەڵەباڵغن لە چەمکە باوەکانی ئێستا، کە زۆربەیان لە رێگای عارەبیی و فارسییەوە لاسایی مۆدەکانی رەخنەی فەرەنسی دەکەنەوە. بەشێکیان چەند کەسێکی ناو ئەو پیرانانەن کە بە هۆی توانای ئابووریی و دەسەڵاتدارییەوە خۆیان کردۆتە موختاری

ڕەخنەی کورد. کێشە لەوەدایە، بێ ئەوەی ئەو ڕەخنەگرەمان بیری لەوە کردبێتەوە، کە بۆ نموونە، بزاڤگەلێکی وەک: "دادایزم"، سوریالیزم"، یان "سیمەنتیک، واتاسازیی لە زماندا، "فینۆمینۆلۆگی"، "مەرگی نووسەر"، "دەقئاوێزانی/ئینترتێکستوالێتی، "هەڵوەشاندنەوەگەریی"، "هەرمینێتیک" و ...، پەیوەندی بە تایبەتمەندی فەلسەفەی نەریتی ڕۆشنبیریی فەڕەنسیی لە بواری زمان و بگرە فەلسەفەی"کۆنتینێنتال-ئەلمانی و فەرەنسی"، کە ئاراستەیەکی جیاوازە لە فەلسەفەی "ئەنگلۆساستیک"ەوە هەیە. کەچی ئەو ڕەخنەگرە، بێ شیکردنەوە و وریاکردنەوەی خۆیی و خوێنەر لەو ڕەهەندانە، لە ئاستێکی لاساییکردنەوە، نەک بەشداریکردن و خەملاندندا، سەرگەرمە بەو بزاڤە ڕەخنەییانەوە. هەرچەندە زۆرێک لەو چەمک و ئاراستە ڕەخنەییانە لە خودی فەرەنسیشدا گۆڕانیان بەسەر داهاتووە، لک و پۆی دیکەیان لێ زاوە، کەچی ئەو ڕەخنەگرە پێرگەرمە هەتا ئەوکاتەی مۆدەیەکی دیکەی ڕەخنە لە عارەبیی و فارسییەوە بەسەردا دەسەپێنرێ، کە ڕەنگە ئەو مۆدەیەش لە سەرچاوەکەیدا بەسەر چوو بێت، وەک چەشنە بڕوایەکی ئایینی، دەستبەرداری ئەو چەشنە ڕەخنەیە نیوەچڵە نابێت.

دیارە ئەوە مانای ئەوە نییە، کە ڕەخنەگر دەبێ دەرچووی زانستگا بێت، لێ ڕاستییەکەی ئەگەر ڕەخنەگرێک بە شێوەیەکی سیستەماتیکی، ئەکادیمی ئەو تیۆرییانەی نەخوێند بێت، مەحاڵە بتوانێ بە شێوەیەکی دروست و قووڵ لەو چەمک و تیۆرییە ڕۆژئاواییانە تێبگا. ڕەخنەگرێک ئەوکاتە دەتوانێ بە وردی لەو چەمک و تیۆرییە ڕەخنەییانە شارەزا بێت، کە بە باشی زمانێکی ئەورووپی بزانێ، هاوکاتیش، بۆ نموونە کە لە ڕوانگەی ڕەخنەی فەڕەنسییەوە دەقی کورد دەخوێنێتەوە، دەبێ شارەزاییەکی کەم تا زۆری لەو زمانەوە هەبێت.

جێگەی سەرنجە، بۆ نموونە لە سوێددا ئەوانەی کە لە گۆڤارە تیۆرییە هونەریی و ئەدەبییەکاندا ڕەخنەگرن، زۆرینەیان ئاستی خوێندنیان لە ماجستەر کەمتر نییە. هەر بۆیە ئاسان نییە کە نووسینی ڕەخنەگرێک لەسەر تیۆرییەک یان چەمکێکی ڕەخنەسازیی بڵاوبکەنەوە، کە لەو بوارەدا پسپۆڕ نییە. بەڵام لە بواری ڕەخنەسایی کوردییدا، ڕەخنەگر ئەوەیە کە بە زمانی عارەبیی و فارسی چەند وتارێکی، بۆ نموونە، لەسەر چەمکێکی ڕەخنەیی فەرەنسی خوێندۆتەوە، دوای ئەوە هەوڵدەدا ئەو مۆدیلە لەسەر دەقێکی کوردیش پیادە بکا. دەکرێ هەندێک لەو ڕەخنەگرانە هەوڵی باشیان دابێت، بۆیە نابێ ئەو هەوڵانە فەرامۆش بکەین. لێ ناساندنی ئەو ڕەخنەگرە، وەک دەمڕاستی ڕەخنەی کوردیی، بۆ نموونە، کردنیان بە دادوەریی لێکۆڵینەوە و بڕیاردەری دەقی "باش" و "خراپ" لە "فیستیڤاڵ" و ...، پێویستیی بە بیرکردنەوە هەیە. چونکە ئەو ئەرکە، وەک هەر ئەرکێکی دیکەی لەو تەرزە، کارامەیی زانستیی، ڕۆشنبیرییەکی ڕسکاو، ئاکاری بێلایەنیی، ویژدان و ... هتد گەرەکە. هاوکاتیش ئەو ڕەخنەگرە، بەو زمانە فارسییەی کە لە ڕێگای "فەرهەنگی عمید"ەوە، شەیدابوون بە دەنگی "داریۆش" و خوێندنەوەی شیعرەکانی "فروغ و سپێهری"یەوە فێری بووە، ناتوانێ بە وردی ئەو چەمک و تیۆرییە ڕەخنەییە بیانیانە تێبگا و ڕاڤە بکا. هەروەک سەبارەت بە زمانی عارەبیشەوە هەمان حیکایەتە.

بەمجۆرە هەروەک پێشتر، زۆرینەی رەخنەگرەکانی حەفتا و هەشتاکان لە روانگەی "ریالیزمی سۆسیالیستی"ەوە، "پاڵەوان و ترسنۆک"، "شۆڕگێڕ و خائین" و ...، هەموو دەقێکی ئەدەبیی و هونەری، جا ئەگەر ئەو دەقانە پەیوەندیشیان بەو خەسڵەتانەش نەبووایە، هەڵدەسەنگاند. دواجار هەتا بلۆکی سۆڤییەت ئاوا نەبوو، ئەو رەخنەگرە لەو "رایالیزمی سۆسیالیستی"یە ماڵئاوایی نەکرد. مخابن گشت ئەو بەزمانەش بە ریگای شارەزاییەکی کرچ و کاڵ لە زمانی عارەبیی و فارسییەوە وەردەگرین، ئەوجا دێین بە منەتەوە دەقی ئەدەبیان پێوە لە قەپاندەدەین. دواجاریش وەک پرۆسەیەک هەمیشە نەوەکانی دوای خۆمان بەو دیاردە رۆشنبیرییە نیوەچڵانانەوە گۆشدەکەین.
ئەو دیاردەش یەکێکە لەو هۆکردە سەرەکیانەی کە وایکردووە، رەخنەی کوردی لە ئاستی هاورێبازیی، پێربازیی و ... هتد، قەتیس بمێنێت. هەر بۆیە ئێستا دەبینین، کە کۆمەڵێک لەو تاقمە رەخنەگر و شاعیرە، وەکی ***پێرێکی قومارباز*** یان "سێکت"گەلێک لە بەشی "ئەدەب و هونەر" یان "رۆشنبیریی" رۆژنامە حیزبیی و "سەربەخۆ"یەکاندا، یان لە گۆڤارە دەڤەریی و شارەکاندا کۆبننەوە و رۆژانە خەریکی پیاهەڵدان، وێناکردنی "داهێنان"ی بێوێنەی یەکتر بن یان بێ بەهاکردنی پێرە دژەکەی خۆیان بن. جێگەی سەرنجە، کە پەیوەندییە پێرگەراییەکانی ئەو رەخنەگر و ئەدیبە لێکجوودایانە لەگەڵ یەکتردا دابڕاو یان قەتیسماون. لە ئاکامی ئەوەشدا لە هەر یەک لەو شارانە و ناو ئەو شارانەشدا، هەر کۆمەڵە شاعیر، چیرۆکنووس و رۆماننووسێک وەک یەکتر بنووسن. لێرەوە ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو دوو سێ شارەن، لە گوند و شارۆچکەکاندا دەژین، یان لە کوردستاندا نین ناچارن لە خەمی ئەوەدا بن کە چۆن یەکێک لەو ***پێرانە***، یان بڵاوکراوە رۆشنبیرییە ***مینا قومارخانانە*** پێکیان بکەن، ببنە هاوپێریان، تاکوو جارێک دەقێکیان بۆ بڵاوبکەنەوە، بانگهێشتی "فیستیڤاڵ"ێک بکرێن، "خەڵات"ێکیان بەرکەوێ. بەمجۆرە ئەگەر نووسەرێکی لاتەریک، یان "نەناسراو" خولیای ئەو پێربازیی و وابەستەبوونەی بەو ناوەندە رۆشنبیریانەی نەبوو، ئیتر نە کەس کتێبێکی بۆ چاپدەکا، نە بانگهێشتی بەزمی "فیستیڤاڵ"ەلان دەکرێ. بە کورتی خوێنتاڵ دەکرێ و دواجاریش یان دەبێ واز لە نووسین بێنێ، یانیش لە چاواڕوانی گۆدۆی رەخنەگر و بڵاوکراوەکاندا بژی.

جێگەی سەرنجە، هەر پێرەو بە یاری خۆی هەڵدەڵێ. هەر پێرە و بە شێوازێکی نووسینەوە ئاوێزانە: تاقمێک لەوانە سەرگەرمن بە "مۆبایلە شیعر"، ئەویتر مەستە بە نووسینی شیعری "ئاشقانە"، یەکێکی تر، کە گوایە دوا نوێگەرە، بە شیعر و رۆمانی "فەنتازیا" و "حیکاتاندنی زمان" سەرگەرم بێت... هتد. لێرەوە ئەگەر تۆی خوێنەر و نووسەر هاورێ و وابەستەی ئەو پێرگەراییەی ئەدەیب و رەخنەگرانە نەبیت، ئیتر، وەک چۆن لە بواری ئیشکردندا ئەگەر "واسیتە"یەکی باشت لە ئاستی حیزبییدا نەبێ، کەس و کارت دەسەڵاتدار نەبێت، نەک نە هەر هەوڵدەدەن لە لاپەڕە "رۆشنبیریی" و "فیستیڤاڵ"ەکانیان پەراوێزت بکەن، بەڵکوو بێزیشت لە کردەی نووسین و رۆشنبیرییش ببێتەوە. لەو روانگەیەوە، بواری رۆشنبیرییش، وەک ئەو بوارە حیزبێنراوەی "ئیش و کار"، "تەقاویت"، "شەهیدانە"، "زەویی و خانوو

وەرگرتن" و... هتد، بە مۆدەی بەرتیلخۆریی، واسیتەکاریی، واتا پێڕبازییەوە تەنراوەتەوە. کەواتە ئەگەر تۆی نووسەر و شاعیر بێکەس بیت، هاوپێڕی ئەو رەخنەگر و نووسەرە باڵادەستانەی بواری رۆشنبیریی نەبیت، ئیتر هاووڵاتییەکی سەر بەو زمانە نیت، هەر خزمەتێکت کردبێت، دەیان کتێبیشت بە کوردی کردبێت و داتهێنابێت، ئەگەر کتێبێکی فەلسەفی وەک "کۆمار"ەکەی پلاتۆ یان "وەرزێک لە دۆژ"ەکەی ئارتۆر ریمبۆش بنووسی، فەرامۆشدەکرێی.

کێشەش لەوەدایە، کە ئەو رەخنەگرە وەرزشکارە بە وشە وسەرمەستە بە چەمکبازییە، هاوکاتیش ئاکار ئێلیی و زمان خەسێنە، پێچەوانەی رەخنەگرە نەریتگر و رووخێنەرەکە، لە بری ئەوەی بە زمانێکی راستەوخۆ و خەملیوو و بوێرانەوە کتێبەکانی پێرەکەییمان بۆ بناسێنێ، کە زۆر جار ئەو رەخنانە، سەرۆکی بەشی رۆژنامە "رۆشنبیریی"یەکان بە رادانیان داون، کەچی سەرەتا بە پێشەیەکی فرەگۆ و ورێنە ئاسا دەستپێدەکا و وێجا بە زمانێکی لەچکدار و فەلسەفێنراو دێتە سەر دەقەکە. دواجار کە خوێنەر بە ناچاری تەواو دەبێت، نازانێ لە کوێوە بچێتە ناو دەقەکەوە، لە دەقەکە تێبگا و لە کام کون و دەرگای ئەو زمانە رەخنەییە قۆقزەشەوە دەرباز بێت. بۆیە زۆر جار خوێنەر کە ئەو "رەخنە"، "خوێندنەوە" کۆکتێلانە دەخوێنێتەوە، هەستدەکا کە رەخنەگر کۆمەڵێ دەستەواژە و قسە نمایش دەکا کە کەم و زۆر پەیوەندی بە دەقەکەوە نییە، هەر یەکە و بە ئاوازێک هەڵدەپەڕن. بە دیوێکی دیکەشەوە، بە جۆرێک بەسەر ئەو کتێبە و نووسەرە هاورێیەکەیدا هەڵدەڵێ، کە مرۆ نەتوانێ ئەو رەخنەیە بە رەخنە ناسبکا. هەروەک رووە پێچەوانەکەی ئەو رەخنەیە، کووشتەی هەمان رەوتارە.
هەر بۆیە لەو پرۆسەیەدا بەهای ئەدەب و رەخنەگریش لە کن دەسەڵات و هاووڵاتیانی خاکی، نەک هەر رەنگدانەوەیەکی نییە، بەڵکوو بە سووکیش سەیر دەکرێ.
بە کورتی، هەروەک ئێمە لە وتاری "مەسعوود محەمەد؛ ئێستێتیکای شوازاندنی هزرێکی خۆکرد" ئاماژەمان پێکردبوو، کە دۆخی رۆشنبیریی و ئەدەبیشمان، وەک دۆخی سیاسیی و بەرپرسیارانمان، کووشتەی پێڕبازیی و بە هەرمێنکردنی بەهای بەرتیلخۆریی، قۆرخکردنی بواری رۆشنبیریی؛ ***داهێنانی گەندەڵییە***.
ئاشکرایە کە ئەو رەخنەگر و ئەدیبە یەکتر تەواو کەرە، کە وەک پێڕگەراییەک، هەموو بوارەکانی رۆشنبیرییان قۆرخکردووە. ئەوانەش، وەک پێشەی بەرپرسە حیزبییەکان، بە کەیفی خۆیان سامانی هاووڵاتیان بە لێشاو بۆ چەند بارە چاپکردنەوەی کتێبە مردۆخەکانیان تاڵانکردووە. هەروەک ساڵانە بە گۆترە لەسەر حیسابی ژیانی ئازاراوی دانیشتوانی کەرکووک، دەڤەرە بە عارەبکراوەکان و کەس و کاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان، پارە بۆ داوەتکردنی دەیان نووسەرە عارەب و فارس بە فیڕۆ دەدەن، تاکوو دوای "فیستیڤاڵە"کانیانەوە، وەک چەشنە سواڵکردنێک، ناچاریان بکەن بە چەند نووسەرێکی پیرۆزێنراوی حیزبەکانیان یان هاوپێڕەکانیان هەڵبڵێن.
مایەی سەرنجە، لەو ماوەیەدا رەخنەیەکی جینگز ئاکارم لەسەر نووسینی چەند قسەی نووسەرێکی

عارەب خوێندەوە، کە وەک پێشەکی بۆ شاعیرێکی کوردی نووسیووە. بە کورتی، دیارە تووڕەیی نووسەری ئەو نووسینە جینگزە لەوەدایە، کە ئەو نووسەر و شاعیرە عەرەبە بێئاگایە لە شیعرە باشەکانی کورد، بۆیە ئەو شاعیرە کوردە "ناگرینگ"ەی پەسنداوە. لێرەوە مرۆ لە رەخنەکیرا هەستدەکا کە ئەو ناڕەحەتییەی "رەخنەگر" لەو شاعیرە کوردەدا، لەبەر ئەوە نییە کە شیعرەکانی "باش" نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە خۆشی ناوێ. لە کاتێکدا ئەو شاعیر و رەخنەگرە عەرەبە سالآنە بۆ "فیستیڤاڵ"ەکان بانگدەکرێ و شیعرو دەقە رەخنەییەکانی کراون بە کوردیی و چاپیشکراوە، ئەمەش تاکوو رۆژێک دڵی نەرم بێت و لەسەر ئەو شاعیرە ئەدیبە "مازن"انە بنووسێ، کە نموونەی ئەو رەخنەگرە تووڕەیەی کە باسمانکرد، بە داهێنەری "راستەقینە"ی شیعری کوردی دەزانێت.

لەوەش بترازێین، خەمی سەرەکی سەرنووسەرانی ئەو رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبیانە خودی فراژان و ناساندنی رۆشنبیریی کوردی نییە بە زمانی بیانییەوە، بەڵکوو خەمی گەورەکردن و پیرۆزاندنی چەند شاعیر و ئەو بەرپرسە حیزبیانەن کە بوونەتە "پسپۆڕ"ی بواری فەلسەفیی، ئەدەبی، تیۆریی، سیاسیی و جڤاکییەکان. هەر بۆیە بودجەی تایبەتیان بۆ وەرگێران و ناساندنی خۆیان و وەرگێڕانی هاوپێرەکانیان تەرخانکردووە، کە گوایە بە وەرگێڕانی ئەو دەقانەوە، ئەدەبی کوردی دەبێتە جیهانی! هاوکاتیش ئەو بڵاوکراوە "رۆشنبیریی"یانە، کە وەک پەراوێزێکی ئەو چەند شاعیر و"تاکە داهێنەر"انە، باسی ئەم نووسەر و ئەو شاعیرانە دیکە دەکەن، تەنیا بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانە، یان تەنیا دروشمبازیی و پۆشینی سەربەخۆیی و چەواشەکارییە. بە واتایەکی دیکە: بە ئاپۆڕەکردنی پێرگەرییە، ئەگینا لە چەند نووسەری دیاکراو بترازێ، نووسەری دیکەیان بۆ گرینگ نییە. کەواتە رەخنەگر و رەخنەلێگیراوەکان لە وێنایە پێرگەرییەکەیدا، وەک وێنای پێرگەریی لە بواری حیزبییدا، بە هەرمێنکردنی گەندەڵاندنی ژیانی رۆشنبیرییە، قووڵکردنەوەی روحی لێکترازاندن، هەستی خێڵەکەیی و دەڤەر پەرستییە؛ فەرامۆشکردنی ئەرکی هزرکردنە. لە کاتێکدا دەبوو بواری رۆشنبیرییمان بە پێچەوانەی بواری سیاسییمان، لە خەمی ئەوە بێت کە ئەو دۆخە گەندەڵییەی سیاسیی گەمارۆ بدا، کەچی مخابن دەسەڵاتی سیاسەتی گەندەڵیی توانی دیاردەیەکی رۆشنبیریی لە وێنەی خۆی بەرهەمبهێنێ و بەمەش زۆرینەی نووسەر بەرەو ئەو ئاراستەیە جڵەو بکا، تاکوو هەمیشە رەوایەتی گەندەڵی خۆی بە رێگای ئەو نووسەرانەوە دەستەبەر بکا.

بەهەمە حاڵ، رەخنەگری ئەمڕۆی کورد وا دەزانێ کە ئەگەر لەو روانگانەی کە بوونەتە مۆدە رەخنە لە دەقێک نەگرێ، کەواتە نابێتە نوێگەر و ماعلان. لە کاتێکدا رەخنەگرێکی چاک و وردبین مەرج نییە تەنیا بەو روانگە بە هەرمێنانەی ئەمڕۆوە نوێگەر بێت، بەڵکوو دەتوانێ لە روانگەی خۆیەوە جوانترین رەخنە یان خوێندنەوە لەسەر دەقێک بنووسێ. بە کورتی کێشەی رەخنەگری کوردی دوێنێ و ئەمڕۆ بە گشتی لەسەر "رێسێپت"، رێنمایی و قالبێکی حازربەدەستدا، دەق بپێوێ. هەر بۆیە، وەک پێشتر ئاماژەمان کردبوو، کە ئەرکی رەخنەگر لە حەفتا و هەشتاکاندا، پیاهەڵدان و گەورەکردنی چەند

نووسەر و شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی "ریالیزمی سۆسیالیستی" بووە. ئەو رەخنەگرە چیرۆکنووس و شاعیری کوردی ناچار دەکرد کە هاوشێوەی ئەوانە بنووسن. هاوکاتیش ئەگەر هەر دەقێک لە دەرەوەی ئەو قالبە مینا خشتبڕییە، "ریالیزمی سۆسیالیستی"یە نەبووایە، ئەوە بە دەقێکی "بۆرژوازیی" و دژە "هەژاران" لە قالبدەدرا و لەبەر چاوی خوێنەردا خوێنتاڵ دەکرا. هاوکاتیش رەخنەگری ئەوکات ئیشی ئەوە بوو کە قسە لەسەر "شێوە و نێوەڕۆک"، "شۆڕگێڕیی و شۆڕشی کرێکاران"، "خەونی سۆسیالیزم" و ... بکا.

پاشان رەخنەگرانی دوای نەوەدەکان، کە بریتین لە خودی سیاسیی، شاعیر، رۆماننوس... ئێمەیان فێری مۆدەیەکی دیکە کردووە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر تۆ بخوازی ببیتە چیرۆکنووس، رۆماننووس و شاعیرێکی بە هەرمێن، دەبێ بۆ نموونە، وەک گارسیا مارکیز، سەلمان روشدی، بۆرخیس، کافکا، ئەدۆنیس، سۆهراب سپێهری، فروغی فروخزاد و ... بنووسی. بۆیە ئیتر زۆرینەی رۆمان چیرۆک، شیعری ئەو قۆناغەی ئێمە بریتین لە کۆپیکردن و لاساییکردنەوەی ئەو تەرزە نووسەرانە. ئەو شێوازەش بریتییە لەوەی کە ئەو دەقە دەبێ تژی بێت لە "خەیاڵبازی"، "ئەفساندنی واقیع"، "زمانی شیعرییەت"، "ئەشقبازی" و ... جا ئەو مۆدەیەش، هەتا گەردەلوولێک لە زمانی باڵادەستانەوە مۆدەیەکی دیکەمان بۆ نەهێنێ، بازاڕی گەرمە. بە کورتی رەخنەگری ئێمە، وەک مامۆستایەکانمان، خەریکی ئەوەن کە نووسەر لە بچمی خۆیاندا بسازێنن.

لێرەدا، بۆ ئەوەی سادەتر رەنگدانەوەی ئەو رەوتارە خەمهێنەرەی رەخنەگر و رەوشە داهێزراوە رۆشنبیرییەی کورد تێبگەین، ئاماژە بە شاگردێکی عەنتیکە ئەو پیرگەراییەی رەخنەگر و ئەدیبان دەکەین. جارێکیان یەکێک لەو ئەدەبییە لاوانەی کە شاگردی ئەو دیاردەیە ناوبراوەیە و لە وڵاتێکی رۆژئاواییشدا دەژی، دەیویست بە تۆبزی منی نیشمەنی سوێد رازی بکا، کە شیعرەکانی یەکێک لەو ئەدیبانەی کە لای ئەو کورد "داهێنەر"ی وای هەرگیز نەبووە و نابێت، دەقەکانیشی لە "جیهانی"یش جیهانیترن، ئێستا شیعرەکانی لە "مەنهەجی خوێندن"ی خوێندگایەکانی سوێد دەخوێنرێن. ئەو دەگووت، مامۆستا و خوێندکارانی سوێد گوتوویانە کە ئەو ئەدیبە کوردە لە "ئاستی خەڵاتی نۆبل"دایە! گوتم کاکە بە جۆرێک ئەو قسە جەڵەبیانە پێوەنێ کە مرۆ، لە جیاتی بێزکردنەوە لە خۆت و نووسین، بەزەیی بە خۆت و نووسین بێتەوە. هەر چۆنێک بێت، کێشە لەوەیە، کە بێسوودە تۆ رەخنە لەو وەهمە کووشندەی ئەو تەرزە نووسەر و خوێنەرە گۆترە بێژە و دەروێشە بگری، چونکە، وەک پاشکۆیەکانی ئەو حیزبانە، بە "ئیرەیی"، "نەخوێندەوار"؛ قسەگەلێکی حازربەدەست و حیکاتێنراو تۆمەتبار دەکرێی. بێ لە گەمە، ئایا ئەوە نەگبەتی نییە، کە ئەو رەخنەگرە پیرگەرە سازاندوویەتی؟ ئاخۆ ئەو تەرزە شاگردە خودی ئەو نووسەرەی کە دەروێش ئاسا ئاوێزانییەتی، بێبەها ناکا؟ گەلۆ ئەو پەروەردە ئیفلیجە بەرهەمهێنەری بیرکردنەوە، ئاوەزی رەخنەییە، یان بە کۆیلەکردنی ئاوەزی خوێنەر؟ گوتمان ئەرکی رەخنەگر و نووسەر هاندانی کۆخوێنەرە کە بیربکاتەوە، خۆی سەرووەری بڕیاردان بێت، فێری بکا بەرهەمهێن بێت. بەمەش کۆمەڵگا بەرەو دەستەبەکردنی ژیانێکی بەختەوەر و بزۆک رێبکا، نەک چەقین نەگۆڕیی، کوشتنی ئاوەزی رەخنەیی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هروحی

پاشکۆیی و نەریتی باوکسالاریی و پیرۆزکردنی تاکەکەسە باڵادەستەکان.
لەو روانگەیەوە باسکردنی نەریتی فرچکدان و پەروەردەکردنی خوێنەر بە سەربەخۆیی و بەهای بیرکردنەوەی رەخنەگرتن نەک ملکەچکردن لە بواری خوێندگا و رۆشنبیرییدا، بابەتێکی بەهادارە، لێ ئەمە ئەرکی ئەم وتارە نییە، بەو ئومێدەی لە داهاتوودا، بە گوێرەی کات و توانامان، ئەو بابەتەش بەسەر بکەینەوە.

لێرەوە رەخنەگر ئەو کەسە نییە کە دەبێ لە رەخنەکەیدا وتەگەلێک لەم و لەو نووسەرە بیانییە ناسراوانە نماییشبکا ، بەڵکوو رەخنەگر دەبێ هەڵگری خەسڵەتی پەروەردەی ئازادی، چێژی جوانناسییەکی بەرهەمهێن بێت، هانی خوێنەر بدا خۆی بهزرێ. بە کورتی رەخنەگر دەبێ رۆشنگەرێکی مەیل ورووژێن و پەرۆشخۆر بێت. دەبێ شارەزای کارەکەی خۆی بێت، دەبێ پسپۆڕ بێت، مەبەستیش لەمە، تەنیا "دەرچووی زانکۆ" نییە. لێ مرۆ چۆن دەتوانێ لە پسپۆڕیش پسپۆڕتر بێت؟ بەڵێ، ئەو مرۆیە دەبێ لە خاوەن پیشەیەکی تەسکبین و باو، کاراتر و کارامەتر بێت. ئەوکاتە توانستی رەخنەگر و داهێنەر بەرجەستە دەبێتەوە، کە توانی سنوورە دیاریکراوەکانی ببەزێنێ. رەخنەگر دەبێ وەک دۆکتۆرێکی خاوەن ئێتیک و بە ویژدان ئەو نەخۆشە سەختەی کە لەبەر دەستیدایە بە قسەی هێور و رێزدار بیلاوێنێتەوە. بە هەمان شێوەش نووسەر کە بە گشتی کەسێکی هەستدارە، بۆیە دەبێ رەخنەگر ئەوەش لە زەین بگرێ. رەخنەگر دەبێ جوانناسانە، نەک بە پیاهەڵدانێکی تامسارد یان دژایەتییەکی خوێنتاڵەوە، دەقێک هەڵسەنگێنێ. بەمجۆرە، ئەگەر رەخنەگر بە شێوەیەکی هیدڵیی (جدی)، دادپەروەر و راستگۆیانە رەخنەکەی نووسی، ئەوکاتە هەم نووسەر و هەمیش خوێنەر سوودمەند دەبێ.
لەو روانگەیەوە رەخنەگری سەرڕاست، وەک نووسەر، خولیای هونەری خۆیەتی و بە رێگای رەخنەکانییەوە دەخوازێ بوونی خۆی دەرببڕێ. رەخنەگر پێویست ناکا لە رەخنەکانیدا بە زارقەڵەباڵغیکردن لە چەمکەکان، قسەی لە قوتووکراوەوە خۆێنی خۆی تاڵ بکا و خوێنەر بێهوودە بکا. دیارە بوونی رەخنەگرێکی ئیدیالی لە زمانی کوردییدا، شتێکی ئاسان نییە. وەلێ لەو دۆخەدا دەبێ بەوەندە دڵخۆش بین کە دەمنادەم رەخنەیەکی باش، ئەو رەخنەی کە هەڵگری گەمەی جوانناسییەکی خەملیوو و رۆچوونێکی کارایە بەناو دەقدا، بخوێنینەوە. ئەو رەخنەگرە هەست و ویژدان فەرامۆش ناکا، کە ئەو لەبەرانبەر خوێنەردا بەرپرسیارە کە دادپەروەر و بە ئەمەک بێ، تاکوو خوێنەر بڕوای پێ بکا. بەمجۆرە رەخنەگر دەبێتە ئەو بەرپرسیارە دڵسۆزەی کە لە ئەرکە ئەدەبییەکەیدا بەرتیلخۆریی و گەندەڵی رەتدەکاتەوە. لێرەوە دەبێ ئێمەی خوێنەریش هانی گەشەکردنی ئەو چەشنە رەخنەگرە بدەین. تاکوو بواری ئەدەبیشمان، وەک بواری سیاسی، دانەهێزرێ، بە گەندەڵی ئەو نەوەیە گۆش نەکا.
بە دیوێکی دیکەش، هۆشیاری لەوەدایە کە خەڵکی گشتی خۆی فێر ئەوە بکا، دوور لە ناساندنە باش یان خراپەکانی ئەو رەخنەگرە خاوەن "ریسێپت"، قالبە ئازادانە کتێبی باش بخوێنێتەوە.

لێ دواجار، ئاخۆ ئەوە قەدەری نووسەر و رەخنەگری کوردە، کە هەتا هاتایێ پاشکۆی ئەو مۆدە ئەدەبیی و رەخنەییانە بێت، کە لە بە درەنگەوە لە عارەبیی و فارسییەوە ئاوەز و ژیانمان دەتەننەوە؟ ئەرێ ئەوە قەدەری کوردە، بواری رۆشنبیرییشمان، وەک بواری سیاسی، پشت لە کۆمەڵگا و ئاییندەوە خەریکی قۆرخکردنی سەکۆیە رۆشنبیریی، رەخنەی بەرتیلخۆریی، دوژێن و پیاهەڵدەریی؛ گەندەڵاندنی ژیانی زمان بێت؟

زستانی 2007–
ستۆکهۆلم

(*) لە ژمارە 11ی "پەیک"دا پوختەیەکی ئەم وتارە بلاوکراوەتەوە، ئەم دەقەی ئێرە کۆی وتارەکەیە.